www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 21:25 9-12-2007

**ڕوونكردنەوە: كاوە شێخ عەبدوڵڵا**

بەڕیزان لەماڵپەڕی ك. ن. سلاو..
لەرۆژی 2007/12/5 بابەتێكتان بەناوی (ئاگادارییەك لە چاودێرێكی فێستیڤالی گەلاوێژ) ەوە بڵاوكردووەتەوە. گوایە كاوە شێخ عەبدوڵڵا ناوێك نوسیوویەتی... من ناوم كاوە شێخ عەبدوڵڵایە و ماوەی 3ساڵە لەرۆژنامەی كوردستانی نوی كاردەكەم و جگە لە رۆژنامەكەی خۆم لە چەند شوێنی دیكە نووسینم بڵاوكردووەتەوە. بۆیە دلنیاتان دەكەم هەركەس بەو ناوەوە ئەو بابەتەی بۆ ئێوە و (كوردستان پۆست) یش ناردووە بە ئەنقەست ئەو ناوەی منی بەكار هێناوە، چونكە "جگە لە خۆم " تائێستا نووسینم نەبینیوە بەو ناوەوە، دلنیابن ئەوەی كە ئەو بابەتەی نووسیووە یەكێكە لە بەشداربووانی شیعری فێستیڤاڵەكەو خەلاتی بۆدەرنەچووە بۆیە بەو شێوەیە داخی دلی خۆی دەرێژی، و ڕنگ بێت هەر ئەو ریگە شك ببات تا دەردە دلی تێدا بكات.
حەزیش دەكەم رایبگەیەنم بەدرێژایی 11 ساڵ فێستیڤالی گەلاوێژ 11سانییە نەچوومە تە نێو فیستیڤالەكە. تاوەك ئەوەی ئەوكەسە بەهەلیزانی بی ناوی من بۆ نیگەرانییەكانی خۆی بەكار هێناوە... بۆیە داوا لەبەڕیزتان دەكەم ئەم ڕوونكردنەوەیەم بۆ بڵاوبكەنەوە. كە بە من بە هیچ شێوەیەك ئاگام لەو بابەتە نییە و زۆریش دلنیام ئەوكارە بەئەنقەست كراوە، كە كارێكە تا ئەوپەڕی دوورە لەئەخلاقی كاری رۆژنامە نووسیی

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.